## جەوهەر نامیق سالم بۆ(میدیا):

# PKK تیرۆریست نییە و مالیکی شەکری خوارد

لەبارەی بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان,هۆیەکانی دەرکردنی ئەو بڕیارە و هەڵوێستی دەوڵەت و دەوڵەتە جیاوازەکان ,(میدیا)هەفتەی رابردوو ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ جەوهەر نامیق سالم سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا:

## چەکی دەستی پێشمەرگەکانی PKK چەکی شەرەف و کەرامەتە

## - جیاوازی لە خیتابی سەرانی کورد لەبارەی هەڕەشەکانی تورکیا بە دی دەکرێت

## - پێویستە کورد وەك ئەرمەنییەکان دۆسیەی تاوانی کۆمەڵکوژی دەرسیم دژی تورکیا بجولێنێ

## - حکومەتی کوردستان تاکو ئێستا تەماشاکەر بووە بەرامبەر تۆپ بارانکردنی گوندەکانی کوردستان

⋆ هەڕەشەکانی تورکیا دەگەنە ئاستی هێرشکردنێکی بەربڵاو بۆ سەر باشووری کوردستان؟

- وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو فاقەیە واتە (بەڵێ)و (نەخێر) ە. جەنەراڵەکانی سوپا پەلەیانەو ئۆردوگان و حیزبەکەی حەزیان لێیەتی و دەترسن و, شەڕتیش ئەمریکاو فیشاری یەکێتی ئەوروپا وکۆمەلگانی نێودەوڵەتیو هەڵوێستی باشووری کوردستان و نەتەوەکەمانە، دیسان هێرشی سنووردارو بەربڵاو زیاتر بەندە بەهەڵوێستی ئەمریکاوە. ئەم هەڕەشەیە لایەکی: ئەنجامی ململانێی ناخۆی تورکیایە، لەنێوان حیزبی داد و گەشەپێدان AKPو جەنەراڵەکانی سوپاو گشت کەمالیزم و توارنیە شۆڤینییەکان لەسەر دەسەڵات. لایەکی دیکەی، گۆڕانکاریەکانی سەر کۆرەپانی تورکیاو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی باکوور وهەڵویستی PKK بەتایبەتی راگەیاندنی ئاگربەستی یەکتەرەفە پێش 5 ساڵ بە ئێستایشەوەو، جەختکردنیان لەسەر چارەسەری ئاشتیانەو سیاسیانەی کێشەی کورد، بە قوبوولکردنی یەکتر، سەرەرای ئەمەش، لەئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا لە تەممووزی ئەمساڵ، کورد توانی زیاتر لە 70ئەندامی پەرلەمانی تورکیای هەبێت، 25ی هەوادار و لایەنگیری PKKن. بێگومان ئەوانەی دیکەش بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان بە کورد دەزانن و بەپێی قەناعەت و دروومی خۆیان (کوردایەتی)یش دەکەن، زۆر لە مانەش ئەندام و لایەنگیری AKPن. بارودۆخی سیاسی و ئابووری باشووری کوردستان و گۆرنکارییەکانی پاش ساڵی 2003 عێراق رۆڵ و پلەوپایەی کورد لەو گۆڕانکاریانەدا، بەتەئکید دەسەڵاتدارانی تورکیای نارەحەتکردووەو چاویان پێ هەڵنایێت. دیاریشە لە چوار ساڵی رابردوو چیانکردووەو چی دەکەن لە تەخریب و دەستێوەردان ودرووستکردنی کۆسپ و ئاستەنگ و فشار و بوختان.

⋆ ناکۆکی لەنێوان ئەردوگان و سوپای تورکیا کۆن ترە لەگۆڕانگاریەکانی عێراق و باشووری کوردستان و، بوونی PKKکۆنترە لەو ململانێیە؟

- راستە،بۆیە هەمیشە جەخت لە سەر ئەوە دەکەم کە ئەم هەڕەشەیە (تەسریفی قەیرانەکەیانە). ئەردوگان هەنگاو بەهەنگاو خەریکی راکێشانی بەرەکەیە لەبن پێێ عەسکەرو لەحالەتی هێرشدایە، عەسکەریش بریندارو تەنگە نەفەسە. بارودۆخی ناوەوەو دەرەوە لە قازانجی عەسکەر نییە. هەردوولا تەفهومی یەکتر دەکەن. بڕیاری لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی کونگرێسی ئەمریکا سەبارەت بە قەتلوعامەکەی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەسەڵاتداری تورکی ساڵانی نێوان (1915-1921)و هەژماردنی وەکو تاوانێکی جینۆساید، پەتی دان بە خوداگرتنی سوپا و لایەنە تۆرانیەکانی پساند، ململانێیەکەی گەیاندە ئاستی رووبەڕووبوونەوە. لەبەر کۆمەڵێك هۆکار تەسریفکردنی قەیرانەکەیان گواستنەوەیەتی بۆ باشووری کوردستان و پاساویش PKKیە.

⋆ بێتوایە ئەگەر دەرفەت بە ئەردوگان بدرێ، هەندێ گۆڕانکاری بنچینەیی لە دەستووردا دەکات بۆ نمونە کەمالیزم لا ببات یان کەمێك کاڵی بکاتەوە؟

- لەواقیعدا پرۆسەکە دەستی پێکردووە. دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە دەستکاری دەستووری تورکیا دەستکاری دەبێت لەبنەماکانی کەمالیزم یان هەر وەك دەڵێن کاڵبوونەوەی. جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا، پێش ماوەیەك ئاماژەی بەهەندێ بنەمایی چاکسازییەکانی دەستوور کرد کە گوایە قەولە وەکو پرۆژەیەك پێش کۆتایی ئەمساڵ بخرێتە بەردەم پەرلەمانی تورکیا، لەو بنەمانە باسی پێشنیارە یاساییەکانی لایەنە سیاسیەکانی کرد هەروەها ئاماژەی بەبنەماکانی دەستووری یەکێتی ئەوروپاو بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤی کرد. هەندێ لەم جەمسەرانە بە تەئکید ناتەبا دەبن لەگەڵ ناوەرۆکی کەمالیزم، سەرەرای هەموو ئەمانە دیدو بۆچوونی AKP سەبارەت بە بنەماکانی دەستووری ئێستاو دوارۆژی تورکیا ناتەبایە لەگەڵ کەمالیزم.

⋆ بەشی کورد لەوگۆڕانکاریانەی دەستوور بەڕای تۆ چ دەبێ ؟

- دەکرێت پێشبینی هەندێ لایەنی پۆزەتیف بکرێت، وەلێ نابێت کوردو بزاڤە رزگاریخوازەکەی لەباکوور پشت بکاتەوەو بڵێ تەواو دەستوور دەگۆڕدرێت و مافمان مسۆگەرە. لای داگیرکەرانی کوردستان تاکو ئەمڕۆش دەستوورو یاساو رێسا ئەوندە گرنگە کە دەسەڵاتیان دەچەسپێنێت و بەهێزی دەکات و، تاکو ئێستاش عەقلیەتی دەسەڵاتدارانی تورك بە عەلمانی و ئیسلامی سیاسی و بە مەدەنی و بە عەسکەری بوونی کورد و کوردستان قەبوول ناکات. گۆڕانکارییەکان بۆ بەهێزکردنی کۆماری تورکیان. هەتاکو ئەگەر لێرەو لەوی بەندو بنەمایی ئیجابییشی تێدا تەسبیت بکرێت مەرج چۆنیەتی پیادەکردنیەتی. ئەوە دەستووری (عێراق)ی هیواو ئاشتی و چارەنووسی پرسی کورد، تەماشا بکەن چۆن کوسپ و تەگەرە دروستدەکرێت.

⋆ ئێستا تورکیا زیاتر لەگەڵ ئێران و سوریا ( کە دوو دەوڵەتن بە تیرۆریست دادەنرێن لەلایەن ئەمریکاوە) تەبا دەبینردی، بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکا. بەرای تۆ تورکیا رووەو دەرچوونە لە هاوپەیمانێتی ئەمریکا؟

- تورکیا ئەندامێکی ناتۆیەو هاوپەیمانی ئەمریکایەو ئەگەر چی کەمتر لە 3٪ خاکەکەی بە حیساب دەکەوێتە کیشوەری ئەوروپا، خولیایی بوونە ئەندامە لەیەکێتی ئەروپایش و هاوپەیمانی ستراتیجی ئیسرائیلە، وا بە ئاسانی ناتوانێت دەست لە ئەمریکا هەڵگرێت و بێ منەت بێی لێی. ململانێی ناوخۆو مەترسی گۆڕانکاری و کێشەی کورد بەگشتی وای کردووە زیاتر تورکیاو ئێران و سوریا لە یەك نزیککاتەوە. هەر یەك لەو سێ وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا کیشەو گرفتی خۆیان هەیە. نیزکبوونەوەی تورکیا لەسوریاو ئێران جگە لەوەی کورد، جۆرە ئیبتیزازێکە، دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر جار بەکاری دێنن. تورکیا هێشتا وەکو باڵێکی ناتۆ بایەخی ماوە وا بەئاسانی ئەمریکا دەستی لێ هەڵناگرێت. تورکیا دەبینێت بوش و ئیدارەکەی لەعێراق تووشی قەیران بوونە، لەولاشەوە تاکو دێت نێوانی ئەمریکاو ئێران و سوریا توندتر دەبێت. تورکیا هەوڵدەدات سود لەکاتەکە وەربگرێ و بەلای خۆیدا بیشکێنێتەوەو، دەزانێت هەر جۆرە گرژبوونێك لەنێو خودی تورکیا ودەوروبەری بەدەر لەکۆنترۆڵی ئەمریکا زیان بەخشە بۆ ئەمریکاو، پاش پرۆژە بڕیاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکی سەبارەت بە جینوساید ئەرمەنیەکان، تورکیا نیگەران وزیزە لە ئەمریکاو لەحاڵەتی فیشارەو، ماوەی بوش و ئیدارەکەی کەمتر لەساڵێکی ماوە، دوور نییە ئەو ئیدارەیە لەو زیزبوون و فشارەی تورکیا بگات و، رەنگە بەرامبەر تەوژمی ئاینی توندوتیژو کودەتای عەسکەری، خەتی AKP بۆ تورکیاو بگرە بۆ وڵاتانی دیکەی وەکو تورکیا، لەم قۆناخە، لای موناسبتر بێت. ئەوەی تاکو ئێستا دەخوێنرێتەوە دەرچوونی تورکیا لە فەلکی ئەمریکاو ناتۆو دۆستایەتی ئیسرائیل بەگران لەسەر تورکیا تەواو دەبێت دوورە هەم ئەردوگان و هەم سوپا هەنگاوی وا نانێن.

⋆ پەرلەمانەکانی رۆژئاوا خەریکە یەکە یەکە تورکیا وەك دەوڵەتێکی جینوسایدکار دەناسێنن، هەست دەکەی رۆژگاری گرنگبوونی تورکیا بۆ رۆژئاوا خەریکە بەسەر دەچی؟

- بەتەئکید رۆڵ و گرنگی تورکیا بۆ رۆژئاوا هەمان پلەو پایەیی سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی ساردی نەماوە، بەڵام دەستیشی لێ بەرنادەن چونکە لایەنێکی گرنگی بەرژەوندییەکانی رۆژئاوایە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تەجروبەی ئەمریکا لە (عێراق)و رووداوەکانی زیاتر لەچوار ساڵ گەشبینی دروست ناکات. تاکو ئێستا 45 وڵات قەتلوعامی ئەرمەنییەکانیان بە جینۆساید داناوە کە دەسەڵاتدارانی تورك ئەنجامیانداوە و، پرۆسەکە بەردەوامە،بەڵام حکومەتی تورکیا سوورە لەسەر نکۆڵی کردنی. گرنگی بڕیاری لێژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا سەبارەت بەکێشەی ئەرمەنیەکان ( قەولە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش هەمان هەڵوێستی هەبێت)، تەنها دان پێدانان نییە بە قەتلوعامەکە وەکو جینوساید بەڵکو مەحکومکردنی دەسەڵاتدارانی تورکەو فەرزکردنی بە سەر حکومەتی تورکیا بە دانپێدانان پاشان تەجریم کردنی ئەوانەی کە ئینکاری دەکەنو قەرەبوکردنەوەی ئەرمەنیەکانە. بە داخەوە هێشتا لە راگەیاندنەکانی کوردستان وەکو پێویست بایەخی بەوە نەدراوە. دەسەڵاتدارانی تورك لە دەرسیم و چەندین ناوچەی دیکەی

باکووری کوردستان دەیان تاوانی کوشتنی بە کۆمەڵیان کردووە. هەڵوێستی پەرلەمانی فەرەنساو کونگریسی ئەمریکی و 43 وڵاتانی دیکە سەبارەت بە ئەرمەنیەکانی زەمینە خۆشکەرە بۆ کوردیش کە تاوانە کۆکوژییەکانی کورد لەلایەن تورکیاوە لە دەرسیم و ئاگری داغ.. هتد، بجولێنێ و بیکاتە ماڵ بەسەر ئەو دەسەڵاتە درندەیە، هەر هەمان شت سەبارەت بە هەڵەبجەو ئەنفال و رژێمی عێراق.

⋆ ئەمریکا دەسەڵاتی عێراق بە دەستەوەیەو دەبێ بەرگریشی لێبکات، کەواتە ئەو شەڕ لەگەڵ هێزێك دەکات کە ناوی ئەمریکایە؟

- تورکیا شەڕی ئەمریکا ناکات و بێ چرای سەوزی ئەمریکایش حەرکەت ناکات. حکومەتی عێراق بێ دەسەڵاتە. و ئەمریکا بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، وەکو هێزێکی داگیرکەر بەرپرسیارێتییەکی یاسایی و ئەخلاقی هەیە بۆ پاراستنی خەڵکی عێراق و سەروەری عێراق و سنووری عێراق. ئەوە دوو مانگە هێزەکانی ئێران و تورکیا سنورەکانی هەرێمی کوردستان، کە سنووری (شمالی) عێراقەو ناوچە گوندنیشینەکانی نزیکەی سنوورو هەندێ جاریش قوڵاییەکانی توپباران دەکات و، زیانی گیانیو ماڵیو نائارامی لێ دەکەوێتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تاکو ئێستا تەمشاکەر وسەرانی هەرێم و بەغدا، بە پاساوی حیکمەت و نەرمی و دووربینی، لەو چوارچێوەیەدا عەکس و عەمەلی ئەوتۆیان نییە، لە غەیری ئەوەی ئەوەی کەدەڵێن ( ناتوانین سنوور کونترۆڵ بکەین، رازی نابین سوپای تورکیا پێ بخاتە سەر خاکی ئێمە.. هتد)،هیچی دیکە ناکەن. کەچی لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو تاکو ئەمڕۆیش چەندین پێگەی سەربازی تورك لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان هەن.دەبێ پێمان بڵێن ئەوانە چ دەکەن لێرە؟ ئەمانە بنکەی سیخووری و رەسدو سەرەرمی هێرشەکانی تورکن، چ بۆ تۆپەکانیان یان فڕۆکە جەنگییەکانیان و هێزە زەمینیەکانیان. واتە سوپای تورك لەناو خاکی هەرێمی کوردستانە.

⋆ باشە کە خۆی لێرەیە مەبەستی لەو هەڕەشانە چییە کە دەڵی دێم؟

- دڵی تورك بەوپێگانە ئاوناخواتەوە. ئەم هاتوو هاوارەی تورکیا وەکو وتمان تەسریفی قەیرانەکانیانە. فشارە لەسەر ئەمریکا بۆ راگرتنی بڕیاری جینۆسایدی ئەرمەنییەکان ,بەتایبەتی کە قەولە لە کۆتایی ئەم ساڵ بخرێتە بەردەم کونگرێس.بۆ بەرزکردنەوەی ورەی نەیارانی کوردو فیدرالی و گەڕانەوەی ناوچە دابراوکانمان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان و، هەوڵێکە بۆ تێکدانی باری ئارامی هەرێمی کوردستان و کۆسپێکە بۆ گەشەپێدانی. بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بۆ ماوەی یەك ساڵە. واتە بۆ ماوەی یەك ساڵ بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان سوپای تورك دەتوانێت سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و بمێنێتەوە. ئەو بڕیارە بۆ PKK نییە، چونکە جگە لە هەندێ کون و قوژبنی شاخە سەختەکانی سەر سنووری نیوان هەردوو وڵات، بنکەی PKK لە باشووری کوردستان نین. ئەمە دەستتێوەردانە لە کاروباری وڵاتێك کە مەفروزە سەربەخۆ خاوەن سەروەرییە. بڕیاری پەرلەمانی تورك دەرگا ڤاڵادەکات بۆ وڵاتانی دیکەش. تاکو ئێستا لایەنی کوردستانی وەکو پێویست دژی بڕیاری پەرلەمان و هەڕەشەو گوڕەشەی سەرانی تورك و لەشکرکێشی و هەڵمەتی راگەیاندنی رەگەزپەرستی و ئیحتیقارکردنی کوردو ئیهانەی سەرانی و، تۆبارانی سنوورەکانمان و بەزاندنی و ئەزەیتدانی خەڵکی بێ تاوانمان لەو سنورانەو تەهدیدکردن بە ئابلۆقەی ئابووری، هەنگاوی جدی نەناوە. هەر هەموو ئەمانە دژی یاسای نێودەوڵەتیو ماڤی گەلان و بنەماکانی ماڤی مرۆڤن.

⋆ هەڵوێست و هەنگاوی جدی دەبێ چۆن بێ بەڕای تۆ؟

- ئامەدەباشی سەربازی. کۆڕو کۆبوونەوە, خۆپیشاندن , فشار خستنە سەر ئەمریکا بۆ ئەوەی زیاتر هەڵوێستی خۆی روونبکاتەوەو، سنووری هەرێم لە تۆپبارانی تۆپەکانی سوپای تورك و فڕۆکە جەنگییەکانیان بپارێزن و حکومەتی تورکیا ناچار بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی گوندنیشانەکانی نزیکی سنوور کە بەهۆی ئەو تۆپارانانە تووشی زیانی گیانی و ماڵی بوونە. لە دەرەوەی کوردستان هەڵمەتێکی خۆپیشاندانی بە بەرنامەو بەردەوام لەلایەن جالیەی کوردستانی دەستپێبکات بۆ مەحکوم کردنی بڕیاری پەرلەمان و هەڕەشەکانی حکومەتی تورکیا بە بەزاندنی سنوورکەمان و گەمارۆی ئابووری. تەفعیلکردنی حکومەتی عێراق بەتایبەتی لەرووی دیبلوماسی و نێودەوڵەتی و ئیقلیمی. گشت پێگە سەربازی و سیخوورییەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێن و نەهێڵدرێن. تورکیا زمانی بەزەیی و کروزانەوەو دۆستایەتی بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی دەزانێت.

⋆ دیارە بوونی ئەو پێگە سەربازیانەی تورکیا مەترسیدارەو نایاساییە، ئایا پیویست نییە لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەی تورکیا ئێستا کورد داوای کشانەوەیان بکات؟

- بیگومان دەبێ ئەو داوایە بکات. لەڕاستیدا دەبوایە هەر لەسەرەتاوە بوونی ئەو پێگە سەربازیانە رەتبکرابانەوە. باوەڕ ناکەم بوونیان

یاسایی بێت، بەو مانایەی کە حکومەتی تورکیا ڕێککەوتنامەی بوونی ئەو پێگانەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کردبێ. چونکە لە بنەرەتدا ئەوان دانیان بەم حکومەتە نەناوەو نانێن، ئەمەش زیاتر هەڵەی لایەنی کوردستانییە. پاش رزگاری عێراق و داگیرکردنی ئەمریکا دەبوایە ئەمریکاو حکومەتی ناوەندی بەغدا حکومەتی هەرێم ئەو پێگانەیانە دەربکردبان.کەچی تاکو ئێستا ماون. حکومەتێك دان بە بوون و مافی کوردی باشوورمان نەنێت و نکۆڵی لە کوردستان بکات دژی کوردو دۆزی کورد بێت لەهەرکۆی هەبێت, ئەم کیانە لەهەرێمی کوردستان بەمەترسییەکی ستراتیجی گەورە لەسەر ئاسایشی نەتەوایەتی تورکیادابنێت، بەردەوامبێ لەسەر دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی هەرێم و عێراق,چۆن دەبێ مەجالی پێ بدرێت پێگەی سەربازی و سیخوری هەبێت لەناو خاکی هەرێمی کوردستان. کاتی ئەوە هاتووە دەربکرێن. ئەگەر نەڕۆن وگەڵگاییانە بمێننەوە، کورد نابێت کەڵەگایی تورکیا قەبوول بکات،دەبێ بە خۆپیشاندن و چالاکی مەدەنی دیکەی خەڵگی دەوروبەری ئەو پێگانەو شارو شارۆچەکانمان ناچار بکرین بڕۆن.

٭ ئەگەر وجوودی ئەو پێگانە بە ڕێککەوتنامە نەبێت لەنێوان حکومەتی هەرێم یان عێراق لەلایەکەوەو حکومەتی تورکیا لەلایەکی دیکەوە بۆ تاکو ئێستا ئەمریکا بێ دەنگە؟

- پرسیارێکی گرنگە حەقە ئاراستەی کاربەدەستانی ئەمریکا بکرێت. بوونیان نەك تەنیا یاسایی نییە، بەڵکو لەو باوەڕەدام کەئەو پێگانە سەرەنێزیەکن بۆ کاری تێکدەرانە دژ بە کورد کوردستان و خودی ئەم کیانە. دەبوایە لەکاتی دەرکردنی هێزەکانی PMF بە هاوکاری ئەمریکییەکان، ئەوانیش راپێچ بکرابان . سەیرە ئەمریکا دەبینێت تورکیا وەك دوژمن سەیری ئەم کیانە دەکات, کەچی چەندین پێگەو بنکەی سەربازی و سیخوڕی تێدا چاندووە,ئەوە بۆتورکیا حەرام و قەدەخە نەبێت، وەلێ ئەگەر لێقەوماوێکی کوردی باکوور کە لەبەر زوڵم زۆرو ئینکارکردنی بوونی و زوتکردنی گشت مافەکان و راونان و راگوێزان و گرتن و کوشتن ناچار بووبێ  رووماں تێکات یان وەکو هەڵۆ بەرزەفڕەکانی کوردستان لە لوتکە بەرزەکانی چیاکانی سەر سنوورمان خۆی حەشاردابێ، دەسەڵاتی فەرمی هەرێم بە بەرپرسیار بزانێ لە بوونیان و پێیوابێ دەبێ  لێیانبدەن و بیانگرن و تەسلیمی تورکیایان بکەن. بۆچی بوونی سوپای تورکیای نەیاری کورد لەخاکی هەرێم حەڵاڵ بێت، کەچی بۆ کورد رەبەنی هاوزبان و لیقەوماومان حەرام بێت. ئەوەی زیاتریش منی نیگەران کردووە پێناسە کردنی پێشمەرگەکانی PKKو تێکۆشەرانیەتی بە تیرۆریست، پاش ئەو گۆڕانکاریانە لە دیدو بۆچوون و راگەیاندنی راگرتنی شەڕ پێش 5 ساڵ، لەکاتێکدا حکومەتی تورکیا نکۆلی لە بوونو مافی زیاتر لە 20 ملیۆن هاووڵاتی خۆی دەکات و تەهجیریان دەکات و تەتریك و قەڵاچویان دەکات، تیرۆریست نەبێت. یان هەندێ لە بەرپرس و کاڵ نەفەمەکانی کورد داوا لە پێشمەرگەکانی PKK دەکەن چەك دانێن یان زەمانی خەباتی چەکداری نەماوەو، با کێشەکەیان بە دیالۆك و ئاشتی لەگەڵ حکومەتی تورکیا حەل بکەن! لەکاتێکدا حکومەتی تورکیا نەك قەبوولی نوێنەرانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد ناکات بەڵکو نکۆڵی لە نەتەوەیەکی 40 ملیۆنی دەکات و بزاڤ و سەرکردایەتیەکەی بە دوژمنی ستراتیجی خۆی دادەنێت واش هەڵسوکەتی لەگەڵ دەکات. لەمەش سەیرتر هەندێ لە سیاسەتمەدارو روشنبیرانی کورد هەمان تۆمەت دەخەنەپاڵ PKK لەبەرئەوەی تورکیاو ئەمریکا.. هتد، وا پێناسەی دەکەن . تورکیا هیچ, بەڵام ئەمریکا بۆ حیزبی بەعسی فاشی بە تیرۆریست لە قەڵەم نادات لە کاتێکدا بەیاسایەك لە عێراق بەناوی یاسای بنبڕ کردنی حیزبی بەعس و، وەکو رێکخستن قەدەخە کراوەو یەك لە باڵە هەرە توندڕەوەکانی نێو تیرۆریستەکانە کە رۆژانە کاری تیرۆر دەکەن و سەربازی ئەمریکی دەکوژن و ئەمریکا بەناو شەڕی دژ تیرۆر دەکا گوایە لەعێراقە,کەچی نەك هەر ئەوە بەڵکو دانوسەندنیان لەگەڵ دەکات و سەرۆك کۆماری عێراق چەند جار رایگەیاندووە کە کەناڵی پەیوەندی هەیە لەگەڵ هەندێ لە هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق کە شەڕی ئەمریکاو عێراق دەکەن و، تاکو ئێستاش دوور نییە گفتوگۆشیان هەبێت و هیچ لایەنێکیشیان چەکیان دانەناوە.

٭ باشە ئێرانی لێرە لەلایەن ئەمریکاوە دەرڤێندێن, بەڵام بنکەی  سەربازی و سیخوڕی تورکیا لە کوردستان هەن، ئەو دوو فاقی نییە؟

- بەڵی دووفاقییە. لەنگە بۆ ئەمریکا میوانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان برفێندرێن, لەکاتێکدا ئەمریکا دۆسیەی ئاسایشی هەرێمی تەسلیم بە حکومەتی هەرێم کردبوو. ئەگەر لەسەر خراپەکرایە ئەو پێگانەی تورکیا بنکەی ریکخراوێکی خێرخوازی نین.

٭ چۆن دەڕوانییە دوو لێدوانی نوری مالیکی کە لەیەکێکیاندا دەڵی  عێراق ئامادەیە لەگەڵ تورکیا هێرشبکاتە سەر PKKو ئەوەی دووەمیشیان کە دەڵی PKK ریکخراوێکی تیرۆریستی پیسە؟

- با مالیکی بارەگای خۆی لەناوچەی سەوزی بەغدا بپارێزێت ئەوجا لەگەڵ تورکیا پێکەوە لەشکرکێشی بکاتە سەر PKK. پاشان بێ رەزامەندی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بۆی نییە لەشکرکێشی بکاتە سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان. PKK تیرۆریست

نییەو، مالیکی شەکری خواردووەو،پاشان تیرۆریست پاك و پیسی بۆ نییە. دیارە تیرۆریستەکانی بەعسی فاشی و ئەوانی دیکە کە ئەمڕۆ لە ناوچە عەرەبیەکانی عێراق(پاکن) چونکە عەرەبن.!! تەماشاکەن بەهۆی شوفێنزم و رق و کینە دژ بە کورد هەتاکو لە بواری پیناسەی "تیرۆریست"یش فەرق و جیاوزیٚ دەکەن! ئەی بۆحکومەتی تورکیا تیرۆریست نەبێت کاتێك نکۆڵی لەبوونی مافی 20 ملیۆنی کوردی هاووڵاتی خۆی دەکات؟

⋆ چۆن دەڕوانییە ئەوەی کە مام جەلال دەڵی هەر کەسێك شەڕی حکومەتی ئەردوگان بکات شەڕی کورد دەکات؟

- بەش بە حاڵی خۆم گوێم لەقسەی وا نەبووە. ئەگەر وای وتبێت بەرای بەندە راست نییەو خیتابی وەها زەرەرمەندە. چونکە ئەردوگان سەرۆکی حکومەتێکە بوون و مافی زیاتر لە 20 ملیۆونی کورد قەبووڵ ناکات بە تورکیان حیساب دەکاتو هەڕەشەی لەشکرکێشی و بەزاندنی سنووری وڵاتێك دەکات کە خۆی سەرۆك کۆماریەتی.

⋆ بەڵام زۆر لە سەرکردەو سیاسییەکانی کورد دەڵێن هاتنە سەرکاری ئەردوگان و حیزبەکەی دەرفەتێکە بۆ کورد و زۆر جیاوازن لەگەڵ هەموو ئەوانەی پێشتر دەسەڵاتی تورکیایان بە دەستەوە بووەو باشترن بۆ کورد؟

- منیش وەکو هاووڵاتییەکی کورد تاکو ئەمڕۆش دەڵیم ئەردوگان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانەی پیشووی خۆی, بەڵام ناڵیم باشە بۆ کورد، چونکە هێشتا لەم مەیانەدا هەنگاوی جیدی نەناوە ئەوەی وتوویەتی چەند قسەو لێدوانێکی سەرزارەکی و زیاتر پروپاگەندەی هەڵبژاردن بوونە. ئەردوگان بوو داوای لە پەرلەمانی تورکیا کرد لەشکرکێشی بکات و سنووری کوردستانی باشوورمان ببەزێنیت و مۆڵەتی یەك ساڵی پێداوە. هەر ئەویش چەندین جار وتویەتی (ئەگەر کەرکوك بە راپرسیش بگەرێتەوە سەر کوردستان، قبوڵی ناکەین)!و، تاکو ئێستایش دان بەواقیعی کوردستانی باشوور نانێت و سەرکردەو لیپرسراوانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆك خێل و سەرانی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی باشوورمان بە تیرۆریست و جوداخواز ناوزەد دەکات! بەڕای بەندە باشتر وایە خیتابی سەرکردە سیاسیەکانی کورد لەم باریەوە وردترو تەباتربێت.

⋆گوتارەکە چۆن دەبینیو ئایا هەستناکەی خەریکە جیاوازییەك لەنێوان سەرکردەو بەرپرسانی کورد لەکوردستان وبەغدا دروستدەبێ و تورکیا و عێراقیش رێکدەکەون بۆ لێدانی PKK؟

- لەسەر کێشە گرنگەکان ئەوەی ئاگاداربین لەراگەیاندن خیتابی سەرانی کورد یەکەو ئەمە زۆر باشە. وەلێ لە وردەکارییەکان دیدو بۆچوون و هەڵوێست لەهەڕەشەو لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر سنووری هەرێم جیاوازی بە دی دەکرێت. خیتابی نەتەوایەتی و نیشتمانی سەرکردایەتی فەرمی کوردستان لەنێوان کوردستانی و عێراقچێتی هەندێ جار بزرە. ئەوانەی کە باوەڕیان بە خیتابی نەتەوایەتی نەماوە سوورن لەسەر (عێراق)ی هیواو ئاشتی و بەس، لەگەڵ رێزمان بۆ هەر هەموویان، حەق نییە خیتابی نەتەوایەتیان هەبێت.ئەوەشی سوورە لەسەر خیتابی نەتەوایەتی و نیشتمانی، نابێت ئینتیقایی بێت. ئەم خیتابە هەستیارو خەتەرناکە ئەگەر بەباشی بەکار نەهێندرێت کار لەسەر دەیان ملیۆن لەرۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکات, کە دەڵێن هێزێکی سیاسی و چەکداری کورد لە باشووری کوردستان دەبێت چەك دانێت و دەست لەخەبات و بەرخۆدانی چەکداری هەڵگرێت، ئەوە خیتابێکی خەتەرناکە. بەتایبەتی لە وڵاتێك کە دان بە بوون و مافی کورد نانێت و جینوسایدی دەکات و،ئامادە نییە دان بەو بزاڤە دابنێت.تەنانەت ئامادە نییە لەگەڵ ئەو کوردانە دانوستاندن بکات کە لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا بوونەتە ئەندامی پەرلەمانەکەی. دەیان بزاڤ و جوولانەوەی چەکداری و سیاسی تاکو ئێستا شەڕی چەکداری دەکەن و دوژمنەکانیان دانیشیان پێداناون و هەندێکیان دانو سەندنیشیان لەگەڵ کردووەو دەکات و حاڵەتی شەڕیش بەردەوامە. سەرکردەکانی کوردستانی باشوور چەند جار دانوسەندیان لەگەڵ رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کردووەو چەکیشیان دانەنا. ئەوە16 ساڵ لەم ناوچەیە کە پێی دەڵێن هەرێمی کوردستان (ئازادە)و بۆ 5 ساڵ دەچێت دان بە فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ناوەندی بەغداوە نراوە، لەبەغدا کورد بەشدارە لە دامەزراندنەوەو بەڕێوەبردنی (عێراق)ی هیواو ئاشتی، باشە ئیدی ئەم هەموو پێشمەرگەو پاسەوان و بنکەی سەربازی و ئەمن و ئاسایشی ئەو سەرکردانەمانە لە چی و بۆچی؟ روونتر و رەقتر. کە داوا دەکرێت نابێت PKK بنکە وبارەگای هەبێت لەناوچە سەخت وبەرز دوورەکانی سەر سنووری هەرێمی کوردستان و، دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرن و بڕۆن و ئەو جێگا سەختانەش چێبهێڵن، بۆ بیرناکرێتەوە، تاکو ساڵی 1991 بنکەو بارەگای پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشوورو عێراق لەکوێ بوون. ئەم جۆرە خیتابە عەقلیەت و هەڵویستی دەسەڵاتدارانی تورکیا ناگۆرێت. من لەو بڕوایەدام، نابێت سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی باشووری کوردستان هانی تێکوشەڕانی باکوور بدەن دەست لەخەباتی چەکداری هەڵگرن و چەك دانێن ,گوایە مۆدیلی نەماوە. ئەو چەکە

بەدەستی پێشمەرگەکانی PKKو تێکوشەڕانی کوردستانەوەیە، چەکی شەڕف و کەرامەت و بەرخۆدانە شان بەشان شێوەکانی دیکەی خەبات، هەر چۆن بزاڤی رزگاریخوزای باشووری هێنایە ئەم قۆناخە، هەر ئەو جۆرە خەباتانە بزاڤی رزگاری پارچەکانی دیکەش دەگەیێنێتە ئامانج و لەپێشی هەمووشی باکووری کوردستان.

⋆ 2007/11/5 ئەردۆغان بۆ دیداری بوش دەچێتە واشنتۆن، پێتوایە، بتوانێ مەسەلەی بڕیاری کۆنگریس لەسەر کۆمەڵکوژی ئەرمەن، تەسلیمکردنەوەی سەرکردەکانی PKKو مەسەلەی کەرکوکیش کە ئەردوگان چەندین جار گوتوویەتی ئەگەر بەریفراندۆمیش بێتەوە سەر هەرێمی کوردی رازینابن، لەگەڵ بوش یەکلایی بکاتەوە؟

- هەڵوێستی ئەردۆگان سەبارەت بەو بابەتانە دیارە. هەڵوێستی بوش سەبارەت بەکێشەی ئەرمەنییەکان، نزیکی هەڵوێستی ئەردۆگانە. هەردوولا PKK بەتیرۆریست دادەنێن، هەردوولاش دوورنین لەیەك سەبارەت بە کەرکووك، بەتایبەتی دواخستنی چارەنووسەکەی!. تاکو 11/5ی هێشتا 15 رۆژی ماوە، دوور نییە تاکو ئەو دەمە هەندێ لەم کێشانە زیاتر روونتر ببنەوە.